

خەبات عارف

# گەڕانەوەی ئەستێرەکان

Klawrojna

Bokförlaget Aura

# گەڕانەوەی ئەستێرەکان

خەبات عارف

# گەڕانەوەی ئەستێرەکان

خەبات عارف
گەڕانەوەی ئەستێرەکان
وێنەی بەرگ: علی رضا اسپبهد
چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧
ISBN 91-89014-11-1
APEC FÖRLAG
BOX 3318, 163 03  SPÅNGA-SWEDEN
TEL: 08-761 81 18  FAX: 08-761 24 90
چاپی دووەم، ستۆکهۆڵم، ٢٠١٠
BOKFÖRLAGET AURA
VÄSTERTORPSVÄGEN 142
129 44  HÄGERSTEN-SWEDEN
info@aura-publishit.com
aura.aura@comhem.se
khabat.aref@comhem.se

Liv:
om genom tusen dödar
tusen helveten -
mot dig går jag på nytt.
Dig vill jag bygga tempel,
dig lovsjunga,
dig resa pyramider i mitt inre.
Hård är din kärlek
dina smekningar är gissel
dina famntag släggslag –
jag dignar, mina fötter snavar –
mot dig går jag på nytt.
Slå mig till jorden
krossa mig till stoft
vrid varats saft ur mitt väsen –
jag skall resa mig
hamra på dina portar:
kort är din smärta
men din fröjd är evig! –
jag går mot dig på nytt.

Elmer Diktonius

# ئەمە خۆشەویستیی منە!

لەم دنیا پڕ ئازارەوە، دەست بە دانانی یەکەم ئاوازم ئەکەم و هەر لەناو ئەم ئازارەشا، کۆتایی بە دوائاوازم ئەهێنم. لەناو ئێوەدا، ئەی ئەو دڵە بێزارانەی، لەگەڵ یەکەم فرمێسکما ئەڕژێنە سەر ڕووی ئەم خاکە و لەگەڵ یەکەم فرمێسکیشا کۆتاییتان بە چاوی گریاوم ئەبینم. لەناو ئێوەدا؛ ئەی باڵندەکانی برووسکە، ئەڕژێمە ناو مەزنترین زەریای خۆشەویستی و سووتانەوە.
لەو ڕۆژەوەی لەناو زەریای خۆشەویستی و سووتانی ئێوەدا ئارامم گرتووە و سەری خۆمم کردۆتە پەناگای ئازارتان، هەرچی ئەبینم هەر گوڵە و لەنێوانی پەنجەکانما چرۆ ئەکا. هەرچی ئەبینم، هەر خۆری تووڕەبوونە و تیشکەکانی فڕێ ئەداتە سەر دڵم. هەرچی ئەبینم، هەر ئێوەن. بۆیە عەشقی هەمووتان لە چاوەکانی مندایە و خۆشم ئەوێن.

ئەمە خۆشەویستیی منە!
ئەمە خۆشەویستیی منە و کە دوور ئەبن، پڕ بە دڵم، تاسەی گەڕانەوەتان ئەکەم و کە لێم نزیک ئەبنەوە، ئەمەوێ ببنە بارانی مەزنی و بڕژێنە چاوەکانمەوە. ئەمە خۆشەویستیی منە، بۆیە لە گەردەلوولی ڕەشترین ڕۆژەکانی ژیانیشما، ئێوە ڕووباری خۆشین و ئەڕژێنە پەڕەی دڵمەوە، ڕێی بیابانە

وشکەکانی بیرکردنەوەم لێ ئەگرن و ئیتر نە حەزی وشکبوون، نە پەلاماری بێئومێدی، ناگەڕێنەوە بۆ لام و خۆیان لەناو خوێنەکەما حەشار نادەن.
ئەمە خۆشەویستیی منە و بۆ یەکەم جار کە زمانی عەشقم پژا، وەک ڕێبوارێکی وێڵی ڕێی تەنیایی و خۆخواردنەوە، ئێوەم ناسی و لەنێو دنیای خەونەکانتانا ماڵی بووم. ئێوەم ناسی و هەر لەوێوە شەتڵی یەکەم نەمامی ئازارم، لەسەر دڵم؛ بە خوێنەکەی دڵی ئێوە، بە بێزاربوونتان، گەشەی کرد.
بێزاربوونتان: ئەو هێزە ئەفسووناوییەیە، فێری کردووم سەرم ئاوقای مەزنترین خولیا بێت بۆ دیاریکردنی جێپێی خۆم.
بێزاربوونتان: شالاوی ئەو ئاگرە ئەبەدییەیە، کە لەناویا پێم گرتووە و فێری کردووم، دەست لە زەمینەی خۆڕاگرتنم گیرکەم و بۆ عەشقێکی تر بسووتێم.
ئەو عەشقەی باوەڕ و مەزنی، بۆ نێو دڵە مردووەکانی ناو ئێوە، لە تاریکترین شەوا، کێش ئەکات و فێری یەکەم تووڕەبوونە.
ئەمە خۆشەویستیی منە و کاتێ لە دواپلەی خۆشەویستییا ئەسووتێم، تەنیا ئێوەن، ئەی ئەو دڵە بێزارانەی لەگەڵ یەکەم فرمێسکتانا، ئەڕژێمە سەر ڕووی ئەم خاکە و فێرم ئەکەن: "*خۆشەویستی درەختێکە و هەر لقێکی مەودای تایبەتی خۆی هەیە.*" لەگەڵ یەکەم فرمێسکیشا، کۆتاییم بە چاوی گریاوتان ئەبینن.

١٩٧٩/٨/٣٠

# گوڵ

گوڵێک: بۆ قژی کاڵی تۆ.
گوڵێک: بۆ نێو دەستەکانیماڵئاوایی.
گوڵێک: بۆ ئەو جێماچانەی لەنێو چاو و لاڕوومەتان،
بە جێم هێشتوون.
: بۆ باوەشی ئەو کۆڵانەی، ئێوارەیەک، لە گڕی
عەشقی گرتین و تا سووتانی باڵندەکانی ئەڤینی نێو لانەی
دڵ، لە پاڵمانەوە داگیرسا.
: بۆ شنەی ئەو نەرمەبایەی سیمای پەست و
ساتەکانی خەمینی، لە بۆی بەهاران ئەگرتین.
گوڵێک: بۆ ئەو پەپوولانەی، بە ڕەنگاڵەی خەونەکانمان،
باڵەکانیان تەڕ ئەکرد و پەلکەزێڕینەی شادییان،
بە سەرمانا دائەباران.
: بۆ گوڵدانی ئەو شەوانەی، بەرلەوەی گڕی جودایی
کسپە لە دڵمان هەڵسێنێ، ئاوێزانی یەک ئەبووین و
لە ڕووباری تینووی یەکمان ئەخواردەوە.
گوڵێک: بۆ نێو دەستەکانی ماڵئاوایی.
گوڵێک: بۆ ئەو جێدەستانەی لەسەر سینگ و
لەنێو ڕانان بە جێم هێشتوون.
لەنێو شەوی دڵا گوڵێک،

بۆ بریسکی چاوەکانت ئەڕوێنم و
پەنجەرەیەک بۆ سیمای پاکی ئایینده،
بۆ دیداری کلووی خەونە ئاڵەکانمان ئەکەمەوە.
گوڵێک و تۆ دواگوڵ و تاقەگوڵی،
باڵات لەنێو دەستەکانما گەورە بووبێ، گەورە ببێ.
گوڵێک: بۆ باڵای تۆ.
گوڵێک: بۆ نێو دەستەکانی ماڵئاوایی.

١٩٩٢/٣/٢١

# حـ...اڵ!

ئێوە، گوڵاوی ئازار و هەتاوی نیگەرانی بوون. دڵیش، ڕەنگاڵەیەکی بێهێز، لەبەر تەرزەی دڵەخورپێی یەکبینین و دوودڵیا هەڵئەلەرزی. کە بە یەکتری گەیشتین؛ شەختەی دڵ بووە کوانوویەک، هەموو پێکرا، دەست و مەچەکی ژیان و سیمای بێزاری و پەستیمان، لەپاڵدا گەرم کردەوە. مەست و شەیدا، بە دیار خەونەکانی یەکترەوە گریاین و بە ڕووی مردنا، پێکەنیین. نە بۆ پیرۆزیی خاک سەرمان نەواند و نە ڕووناکیی نێو چاوی خواکان، کوێری کردین.
تەنیا شەوێک بوو: شەوی سەما بۆ مەرگ کردن و ڕەوەکۆچی باڵندەکانی خەمینی. شەوی ئاوابوونی ئەستێرەی خەمە ڕەشەکانی تەنیایی و دڵتەنگی، شەوی جاویدانی و بە سەردا دابارینی گوڵە سپییەکانی ئەوین.
دەستبەردان لە کۆچی سووری دڵ.
شەوی دابارینی گریەی خەنیبوون بە دیداری یەکدی. هەڵکردنی زریانی لەئامێزگرتن و ڕاموسان. سووتانی گوڵەکانی بێدەنگی و خۆخواردنەوە.
شەوی سڵەمینەوە لە بازووی بەبەردکراوی یاساکان و نەفرەتکردن لە باڵای یەقکردووی نەریت. شەوی هەڵپەڕین لەسەر کەلاشی بۆگەنکردووی پەیامبەرانی درۆ ئاسمانییەکان.

شەوی مردن، بەڵام مردنێکی هەمیشەییی نێو باوەشی تاسە
و ئارەزووی لەش.
تاریکوڕوونی بەیانی، کە جێم هێشتن،
لەسەر گۆنای هەر یەکێکتان، گوڵی چەند ماچێ ڕووابوو،
دڵیش بووبووە گڵکۆی یادە تاڵەکان و
بەهەشتی یادگاری شیرین.
چ دەستێک ئەتوانێ خۆشەویستیتان لە دیوارەکانی ڕۆح
داماڵێ! چ بایەک ئەتوانێ گوڵاوی ئەوینی ئێوە،
لە گوڵی دڵ بکاتەوە!
ئێوە، گوڵاوی ئازار و هەتاوی نیگەرانی بوون.
ئێوە ساتە مەستەکانی ڕۆح،
سکاڵای بێدەنگی دڵ و
پێکەنین بوون.

١٩٩٣/١١/١٠

# ئەوسا، ئەوین:
# شیرین بوو وەک نیگای مەستی چاوەکانت،
# تاڵ بوو وەکو دوورکەوتنەوەت

کزەبای خەم، بەرەو زەریای یادەکات هەڵمئەگریّ و گویّ لە نمەی بارانی هەوری سپی و ترپەی گەڵارێزانی ئەم پاییزە زەردە ئەگرم. سەرم ئەنێم بە سنگی شینی ئاسمانی ئەوینەوە و گۆنای ئەستێرە ماچ ئەکەم. بێدەنگ کە دێم، کە دەست ئەکەم بەناو دنیای زوڵفی شەوتا و بۆ ئەستێرەیەک ئەگەڕێم، لێم هەڵدێیت و بەرەو ئاسمانیّ باڵ ئەگری: "گۆڕستانی خەونەکانمە." بۆ لێم هەڵدێی! کیّ ئەڵیّ ئەستێرەکانی زوڵفی تۆ لەو ئەستێرانە جوانتر نین، کە لە ئاسمانی ئەم پاییزەدا ئەیانبینم. کیّ ئەڵیّ زوڵفی شەوی تۆ، لە شەوی ئەم پاییزە ڕەشتر نییە. ئەی بۆ ساتیّ ئارام ناگری و زوڵفت نانێیتە دەستمەوە. خۆ غەریب نیم بەو دنیایەی تۆ باڵت تیا کردۆتەوە.

تەمی شینی یادەکات، بەرەو زەریای ماتەمینی هەڵمئەگریّ و سەر بە هەموو کۆڵانێکی تاریکی ناو دەروونی خۆما ئەکەم. تەنیا هەر تۆی بوویتەتە ئەو مۆمە ڕووناکەی، نە بۆ ساتیّ ئەکوژێیتەوە و نە بۆ ساتیّ ڕەشەبا یاریت پیّ ئەکا. تەنیا هەر تۆی ماچی سنگ و دڵم ئەکەی. تەنیا هەر تۆی لەم پاییزی ماتەمەدا، وەک چەپکیّ خوێن لەناو دڵما مەڵاس بوویت و لەگەڵ نمەی هەموو بارانێکی سەوزا ئەتخۆمەوە. چونکە ئەشیّ،

بەربەیانێک، هەموو گیانم بتوێتەوە و منیش بە تەنیا بۆ مەرگی ناکاوی خۆم سەما بکەم. چونکە ئەشێ، بەربەیانێک هەموو گیانم ببێتە دیواری سپی و ڕێ لە گەڕانەوەی باڵندەکانی شەو بگرێ. بە تەنیا ڕێ لە تۆ ناگرێ، ئەی ئارامی دڵە پەست و غەمگینەکەم.

تۆ ماندوویت و هێندەی دڵم کە بیر لە پرچی خاوت ئەکاتەوە و جوانییت ئەگرێتە باوەش، گوڵە ڕەشەکانی ماندوێتی بە هەڵچوونی باڵاکەتا هەڵگەڕاون. تۆ بەم ماندووبوونە گیانییەت، دژی مردن ڕائەوەستی. بۆیە لە بەردەمی مردنتا ماندوو ئەبم! چونکە ئەشێ، هەموو شتێ لە کۆتاییدا بمرێت و ببڕێتەوە، بە تەنیا گیانی تۆ نەبێ، چونکە ئەشێ، هەموو شتێ لە ماندووبوونی خۆی بگا. بە تەنیا من، لە ماندووبوونی گیان و دڵت ناگەم. تۆ هەر ماندوویت و ماندوونییت، چونکە هەرچی شتێک هەیە، لە تۆدایە و تۆش لە دڵی هەموو شتێکی گەردوونای.

ئێستا ئەتوانم بە چاوە سوورەکانم کە خوێنی ڕقیان تێزاوە بتبینم و ماچت بکەم. ئێستا ئەتوانم لە بەردەمی جوانیتا یەخەی ئاسمانیش دادڕم، بەڵام سەرم، هەر سەرە ماندووەکەی جارانە، هەر تەنیا بە ڕاکردنێ بۆ تیشکی خۆری دڵی تۆ، ماندوو ئەبم. خۆم لە ڕاوەستانێکی مردوودا ئەبینمەوە. کێ ئەڵێ تیشکی خۆری دڵی تۆش، وەک تیشکی خۆر، نامسووتێنێ!

چەندین لافاو هەڵیکرد و پەڕەی دڵە بەسۆزەکەمی ڕاتەکاند. تۆش ئەو قسانەش خۆش ئەویست بەختیارییان بۆ ئەهێنای. تۆ لە بەردەم تیشکی خۆرا سەمات ئەکرد، بۆ سووتانم نەئەگریای. چەندێ ئاسمان دێتە ناو پەڕەی دڵمەوە و ئەبێتە ئاوازێکی مەنگی بێکۆتایی. هێندە دڵم، بە گریانت گەورە ئەبێ.

تۆ ئەزانی، لە نمەی هەر فرمێسکێکی نهێنیتا، چی ئەبینم! تۆ ئەزانی، چۆن دڵم دێنیتە خورپە، کە لە بەردەمی ئازارەکانتا شەکەت و ماندوو ئەبم! دە بۆ ساتێ، سەرم بخەرە کۆشتەوە، با بە هەموو توانامەوە فرمێسکی چاوە کاڵەکانت بخۆمەوە و تێر تێر بنووم. کێ ئەڵێ من بە فرمێسکی چاوەکانت گەورە نابم! گەورە نەبووم!

بێدەنگیت بۆتە پاچێکی تووڕە و لەبریی خاک، سەری من هەڵئەداتەوە و لەگەڵ دەرپەڕینی هەر تۆپەڵەخوێنێکی سەرما، زیاتر پێ لە زەمینەی خۆڕاگرتنم گیر ئەکەم. بڵێی نەتەوێ تەرمی کۆمەڵێ ئازاری ئەم خەڵکە، لەناو سەرما، بنێژیت و جێم بهێڵی!؟ تاکو هێندە بەناو خۆما شۆڕ ببمەوە، لق و پۆی ئازار دەرکەم و ببمە کۆرپەی خەمەکانت. تۆ نیت! دەرگای دڵە پەست و غەمبارەکەت، لە بوونتەوە، بۆ خەم و ئازاری خەڵکی کردۆتەوە و لە هیچ لافاوێکی کوشندە تووڕە نابی. تۆ نیت! ئەزانی چۆن لافاو لە دڵتا ماڵیکەی! ئەی پاسەوانی شەوانەی ئەم دوورگەیە، ئەی ئەوەی لەنێوان مردن و نەمردیدا، سەرت تەنیا ئاگرێکە و باوەش بە دەروونما ئەکا، هێندە ماڵیم بە چەپۆکی پاچەکانت، نەک هەر سەرم، بەڵکو تەنانەت ئەو دڵەش کە جێگای نووستنی شەوانەی ئافرەتێکە، لە ساتێکا چەندەها جار بەناو خاکی مردنا ئەڕوات و ئەنجام دێتەوە بۆ لای خۆم. کێ ئەڵێ من دڵی خۆمم بەند کردووە، با بێ لەگەڵ هاوڕێکانما، با بێ لەگەڵ دەستی تۆدا، شەوێ لە ڕەشماڵی دڵما بەسەر بەرێ.

کە منداڵ بووین لە وڵاتێکی ئازیزا گەورە ئەبووین، تۆ ناوت لێ نابوو: "وڵاتی دڵی زیندووە مردووەکان." کە منداڵ بووین، پڕ بە دڵمان باوەشمان بە خاکا ئەکرد، درەختەکانی ئازارمان ئەکردە

کۆڵ، بە دوای تیشکی مانگەشەوی هاوینانا ڕامانئەکرد، تا پێکەوە، ئەبووینە پەپوولەی شەو و بەئەسپایی لە سووتانێکی مەزندا ئەتواینەوە. ئێستاش لەم سووتانەدا ئەشێ، لەگەڵ خۆرا، تیشکێکی تر فڕێدەینە سەر ئەم خاکە و بە پێی پەتی بە هەموو لایەکا ڕاکەین. ئێستاش ئەشێ، جارێکی دی، لە بەردەم سێبەری ئاو و گوڵەنیرگزێکدا بمرین. ئێستاش ئەشێ، بە مردنمان پەیکەری ئەو ئازارانەی لەم خاکەوە هەڵمانمژین، لەسەر دەستی خۆر ڕاگرین. ئێستاش ئەشێ، خۆر ماچکەین و ئاسمان لە دڵمانا پاڵخەین. چی هەیە وەک دڵی ئێمە، چی هەیە وەک دڵی ئەم خەڵکە، ئاوەڵا بێ بۆ ئازار و خۆرپەرستن! چی هەیە وەک دڵی ئێمە، چی هەیە وەک دڵی ئەم خەڵکە، ئاوەڵا بێ بۆ پەلاماری شەیتان و شەڕ و مردن!

دووریت ئەو درەختە سەوزەیە، هەموو ڕۆژێ، باوەش ئەکا بە دڵمدا و لەسەر سنگم پاڵ ئەکەوێ. دووریت ئەو باڵندەی ئاگرەیە، لەسەر سەرم باڵ ئەگرێت و بە تەنیا ئەو عیشقی سەرمە. دووریت ئەو شەوە مەزنەیە، کە تیایا دەست ئەکەمە ملی خەونە ئاڵۆزەکانم و وێنەکەتی تیا ئەبینم. دووریت دڵمە، جێم ئەهێڵێ و جێم ناهێڵێ. ئەوەتا ئێستا لە سنگما ئۆقرە ناگرێ و خۆی ئەداتە بەر شەپۆلی خوێنەکەم و پەلەی خۆفڕێدانێتی بۆ سەر زەوی. کێ هەیە ئاوازێکی تر بۆ مردنم دابنێت و تووڕە نەبێ لەو کەسانەی لە پشت دیواری شەوەوە نەخشەی کوشتنم دائەنێن!

بەرەو زەریای یادەکانت، کزەبای خەم، هەڵمئەگرێ و دەست بۆ بارانێ هەڵئەبڕم. چاوت لێمە تەنیایەکم، نەء تەنیا نیم و لەبەر بارانا ئەسووتێم. کە باوەش بۆ درەختێ ئەکەمەوە، چاوت لێمە، چۆن ئاوێزانی یەکتری ئەبین و لە یەکترا ئەتوێینەوە. کە ئەشگەمە ناو تاریکیی شەوانەوە، چاوت لێمە چۆن لەنێوانی

قەڵەمەکەم و پارچەکاغەزێکی سپییا دائەگیرسێم. ئەگەر شەیدای داگیرسانی سەری منی، ئەوە سەرم، گەر تەنیاش بم، دڵنیام لەوەی مارەکانی سەرشانم لە برسا هەموو تۆپیون. ئەوە سەرم، گەر تەنیاش بم، دڵنیام لەوەی هیچ داڵێکی ئەم دوورگەیە، ناتوانێ سەرم بکاتەوە بە هێلانە.

من عاشقی ئەم گەردوونەم؛ ئەو گەردوونەی جارێک نەمتوانیوە تیایا پڕ بە دڵم هەڵپەڕم و سەما بۆ گیانی خۆم بکەم. من عاشقی ئەم گەردوونەم، لەوەتی چاوم بە عەشقی کردۆتەوە نەمبینیوە و عەشقی ئەویان فێر نەکردووم. سۆزی هەناسەکانی منە ئەم گەردوونە و لەوەتی هەم پڕ بە دەمی سییەکانم هەڵیئەمژم و بێزار نابێ. دەستی چ ڕەشەبایەکی تۆ! ئەی ئەو هێزە بێهاوتایەی لەگەڵ خۆتا هەڵمئەگری و پرچی کاڵی خەونەکانم ئەڕنیتەوە. چ ڕەشەبایەکە دەستی تۆ! ئەی پەناگای هەموو نهێنییەکانی نێو دڵم. ئەی بۆ کە ئەتبینم دەستیشم لەبەر پەیکەری جوانیتا چۆک دائەدا و دەرگای دڵم ناکاتەوە. زەریای چ خەمێکی تۆ! بۆ نامدەیتە بەر شەپۆلی زەریا توورەکانی نێو دڵت و بەرەو کەنارە دوورەکان ڕامنماڵی. خۆ من لەوێش، هەر ئەم مرۆڤە عاشقەم. تۆ ئەزانی مرۆڤ کە جارێ عاشق بوو، جارێکی تر عاشق نابێ! تۆ ئەزانی، مرۆڤ لە ئاگری عەشقی خۆیا بۆ تەنیا جارێ گڕ ئەگرێ و جارێکی تر گڕ ناگرێ! ئەی بۆ لەوەتی عاشقی سەری خۆم و چاوانی تۆم، دەستی دێوێک چاوەکانم کوێر ئەکات و سەماکانم لێ تێک ئەدا! نا!!! گیانەکم کێ ئەڵێ ڕۆژێ دەستی عەشقە کپبووەکەی خۆم، نانێمە نێو دەستی ئەم خەڵکەوە و بۆ دوایین جار لەسەر سنگت هەڵناپەڕم. نا!! گیانەکەم من هەرگیز لە کوێربوون نەترساوم و ناترسێم، کێ ئەڵێ مرۆڤ تەنیا بە چاو سەیری جوانییەکان ئەکا!

کزەبای خەم، بەرەو زەریای یادەکات هەڵمئەگرێ و تۆش بە تەنیا پاڵکەوتوویت و ئەڕوانیتە ئاسۆ بەرین. ئەڕوانیتە نهێنییەکانی ئەم گەردوونە و ئەتەوێ ڕێ لە مردن بگری! تۆ بە تەنیا چۆن سەر ئەکەی بەناو گێژەنی مردنا و دەستت ناگاتە دەستی من! تۆ بە تەنیا چۆن ئەتوانی بیرەوەرییەکی تر بۆ ئەم دڵە پەستەی من و بۆ ئازارەکانی ئەم خەڵکە بنووسیەوە! خۆ تۆ هێشتا نەبوویتەتە چرۆی خەونە سەوزەکانی ئەم سەدەیە. وەرە دەستت بنێرە دەستمەوە. تۆ ئەزانی، کە دوو ئازاری دەروونی یەک ئەگرن و لە باوەشی یەکتریا ئەتوێنەوە، چیان لێ دێ و چۆن گڕ ئەگرن!!

نووسینی: ١٩٧٩/٨/٢٥
نووسینەوەی: ١٩٩١/٢/١٠

# بینین

باڵندەی تەنیایی
لە ڕووناکیی نێو چاوانت ئەخواتەوە و
خەونەکانت لە بناری دوودڵی و ترس و گومانا
بە جێ دێڵێ.
نائومێدیت، گڕێکە و
لەنێو دەستە ڕەشەکانی بڕواوە هەڵئەکا،
سیمات لە مەرگ ئەگرێت و بیناییت ئەکا بە سووتوو.
دڵە شکێنراوەکەت لەنێو ئازارەکانی خۆیدا گڕ ئەگرێت و
تەنیاییش ئەبێتە هاودەمی ڕۆحی شکستە و نەسرەوتووت.
دەست لە ژێیەکانی ناخت ئەدەی
ڕەنگی ونبوونی خاکێکی وێرانە پێش چاوانت دائەگرێت و
دەنگی هەڵدێرانی ڕەوەئەسپێکی سپیت دێتە بەر گوێ.
ئەبینیت:
منداڵێک ئەگەڕێتەوە و
ئەبێ بە تنۆکێ ئاوی پیرۆز.
دایکێک لە کۆڵانی سڵەمینەوەدا ون ئەبێ.
دەست لە ژێیەکانی ناخت ئەدەیت و
نامۆبوون ئەکەی بە نیشتمانی ترس و
نیشتمانیش: گوڵدانێکی لەت لەتە و

کەڕووی نامۆبوونێکی ئەبەدیی لێ نیشتووە.
تارای گومان
بەسەر ڕووخسارتا هەڵئەدەی،
گوڵێکی سوور لە قژی ڕەشی تەنیایی
ئەکەیتەوە و سیمای خەونە سەوزەکانتی
پێ ڕەنگ ئەکەی.
ئەبینیت: چاوێک لە تاریکستانی خۆیدا
بەدوای بینیندا ئەگەڕێ و
کوێربوون ئەکا
بە نیشتمانی خەوبینین.
سەمایەک لەشت دائەگرێ.
دەست بۆ ژێیەکانی ناخت درێژ ئەکەی،
نە ئاوازێکی شیرینت دێتە بەر گوێ و
نە ناڵەیەک بۆ دوایین جار لەنێو خۆیدا ونت ئەکا.
*“سەرت گەرمە و*
*بتڵەکەش لە دابەزینێکی سەیرایە!”*

١٩٩٥/١٠/٥

# نهێنییەکانی شەو و
# هەڵوەرینی باڵە ڕەشەکانی تەنیایی

نە قەڵای ڕەنگینی ژیان پەناگای دڵشکاوانە و نە گۆڕستانی خۆکوشتن! چ نابینایە چاوی چارەنووسە سەپێنراوەکان و دەستی ڕق. نە بە ساتە مەستەکانی ئەم بوونە ڕام ئەبین و نە تووڵەڕێکانی یاخیبوون بەرەو کەنارە دوورەکانی خۆکوشتن کێشمان ئەکەن. بە دەستی چ مەرگێک لاشەی لەزەلکاوداونبووی خەونەکانمان هەڵکێشین و بە کام هەناسەی سەهۆڵینی بسپێرین! ڕێی هەواری چ چارەنووسێک بگرینە بەر، کوڵی دڵ بە چ ئاواتێک بدەین و لە گۆڕستانی کام خەمدا لاشەی زیندووی خەونەکانمان بنێژین.
خواستەکانمان بە لق و پۆی چ درەختێکی ژیاندا هەڵبواسین!
هاوڕێیانی ساتەکانی سەرفرازی و سووکنایی ڕۆح، ئەمە سەردەمی هەڵوەرینی گەڵا زەردەکانی خەندە و بەئاگاهاتنەوەی لاشەی ڕەشهەڵگەڕاوی مەرگە. با لە تاریکستانی ئەم تەنیاییيە ئەبەدییەدا، کۆڕێک بۆ تەرمی یەک لەدوای یەکی خەونەکانمان بگێڕین و پێکەوە لەنێو ساتەکانی مردن و ژیانێکی سەرمەدیدا سەما بۆ گیانی تێکچرژاوی خۆمان و ئەم سەرزەمینە بەدۆزەخکراوە بکەین.
با لە کانیاوی خەمەکانی یەکتر بخۆینەوە و سترانی نامۆیی بۆ خەونە بەسەرچووەکانمان بچڕین. چاو ببڕینە هەرەسی یەک

لەدوای یەکی هیواکانمان و نوێژێک بۆ سەروەریی ڕۆحمان دادەین.
لەم هەوارە تەنیایەدا، بێ لە خەونە پاکەکانمان، چی ئەتوانێ سووکناییەک بە دڵمان بات. کێ ئەتوانێ چاو لە گوناهە ئاوییەکانمان بپۆشێ و دەستی ساتەکانی ورووژان و هەرەس و شێتبوونمان بگرێ. چ دەستێک ئەتوانێ لە ڕووباری بەخوڕی ئەم ژیانە سەنگینە قوتارمانکا. بێ لە خۆمان، کێ ئەتوانێ، لە بەردەم گەلەگورگی ئەم شێوانە ئەبەدییەی ڕۆحا، دوو باڵی ئەفسانەیی، سەرێکی بەکڵپەبوومان پێ ببەخشێ و بەرەو ئاسۆی ژیانێکی دی هەڵمانگرێ. بێ لە سەری بە سەر نەکراوی خۆمان، کێ ئەتوانێ، لە بەردەم ماڵی وێرانە و کاولبووی بیرکردنەوەدا، لەم تاریکییەمان دابڕێ و ڕوومان بەرەو ئاستانەی ڕووناکییەکی نادیار وەرگێڕێ. لەم گۆڕەپانی تفەنگ و شمشێر و گڕبارانەدا، دەستەکانی خۆمان نەبێت چی شک ئەبەین، تا بیانکەین بە قەڵغانی پاراستنی کوێرنەبوونمان. لەناو زەلکاوی یەقکردنەوە و هێڵنج و هەراجکردنی لەشە مردووەکاندا، درەختە وەنەوشەیییەکانی ئارەزوویەکی دێوانە و خۆرنشینی مەستی نەبێ، شنەبای نێو پرچی سەوزی چ درەختێک بە دنیای خەیاڵ و ساتەکانی لەزەتمان ئەسپێرێ!
چ بێ سەودایە بازاڕی ڕۆحێ هەڵوەدای ئێمە! چ نابینایە چاوی ڕق و دەستی چارەنووسە سەپێنراوەکان! گێژەنی ئەم بوونە تاڵە تا بێت زیاتر لەنێو خۆیدا ونمان ئەکا و ناگەین بە مەرگ. ڕەشەبای ئەم کارەساتە گەورانە تا بێت زیاتر لەگەڵ خۆیدا هەڵمانئەکا و ناگەین بە دەنگ. لەنێو خەونی ڕەنگەکاندا ئەسووتێین و دەستمان ناگا بە داوێنی پاک و بێگەردی بێڕەنگی. لەنێو گڕەی تێڕاماندا ئەسووتێین و ناگەین بە شنەی دیمەنێ بیناییمان ڕوونکاتەوە.

لەم دۆزەخە شیرینەدا بە سکاڵای بێدەنگی دڵ و خەرمانەی خەم نەبێت، ناگەین بە هیچ. نە گۆڕستانی خۆکوشتن پەناگای دڵشکاوانە و نە قەڵای ڕەنگینی ژیان!

١٩٩٥/٧/١

# تاریکستان

چرایەکەی دەستت هەڵکە،
تا لە مندا خۆت ببینی و دابگیرسێی.

١٩٩٦/٢/٢٠

# گریان

منداڵێک ئەگری
میهرەبانی و چرای خەونە سەوزەکانمان، لە باڵای منداڵێکدا گڕ ئەگرن. چەند لاشەیەکی بێ سەر، لەنێوان بیرکردنەوە و تێڕامانا هەڵواسراون. چەند سەرێکی بێ چاو، لە دیتنا، ئاییندەیەکی قەترانی و پووتیی خۆیان بەدی ئەکەن.
چاوی بێ بینین! بینینی بێ ئەندێشە، لەنێو بۆشاییی چاودا لە ڕابوردوویەکی وێرانە و ئاییندەیەکی وێرانەتر ئەگەڕێ.
بەیەکداکەوتنی ئەو خەونانەی دەستی نەریت و باهۆزی ڕیسواکردن لە چاوانی هەڵئەسوێت. تاریکبوونی نیگای ئاسمان و بەلاداهاتنی جریوەی ئەستێرەکانی ڕۆح.
منداڵێک ئەگری
منداڵێک لە ئاسۆی ئێوارەیەکی ترسناکدا تۆوی خەندە و عەشق ئەچێنێ. لە پێچی کۆڵانی لەدایکبوون و سووتاندا، جەنگ لە باڵای منداڵێک ئاڵاوە و هیواکانیش وەک ساتەکانی خەمینی و خۆخواردنەوە ڕەش ئەنوێنن.
پیاوانی خوێن، پرووشەی کلووە سپییەکانی پێکەنین بەری چاوانی گرتوون، سیمای سپیی منداڵان و بیناییمان لە ئاییندەیەکی ئیفلیجدا بەدی ئەکەن.
باڵای منداڵێک بە گڕی درۆ و برووسکەی پەیامە ساختەکان

دائەگیرسێ. منداڵێک ئەگری و لەنێوانی دەستەکانیا خەونەکانمان، چەپکەگوڵێکی ژاکاوە و ڕەشەبای مەرگ لە ڕوومەتانی هەڵئەسووێ.
داڵێک؛ ڕەش وەک سەری پیاوە پووتەکانی جەنگ، گوڵەباخی ئەڤین و درەختی خۆشەویستی کردووین بە هێلانە.
منداڵێک، بە دەستە گڕەکانی، قژی ئاڵۆسکاوی ڕابوردووی گرتووە و بەدوای خۆیدا، بەرەو پێچاڵی گۆڕێکی نادیار ڕایئەکێشێ.
لێرەیش، لەنێو دڵە تەنیاکاندا، منداڵێک *"شێتانە"* پێئەکەنێ!
ئەمە سەرەتای چ مەرگێکە، کۆتاییی چ ژیانێک!
بەهاری چ بوونێکە و گەڵاڕێزان و
گیانەڵای چ نەمانێک!
منداڵێک پێئەکەنێ!

١٩٩٤/٢/٢٦

# تۆ

بۆ سەرگوڵ

لە تریفەی پێکەنین و
دانەی مرواریی فرمێسکەکانت
تارا بۆ بووکی ڕۆحم چێ ئەکەم
تا لە سەرمای ژین
لە گڕەی مەرگ
دوورم خاتەوە

مشتێ شنەبای نێو پرچی خاوت
لەنێو قەفەزی دڵدا بەند ئەکەم
تا لەسەر دوندی نائومێدیا
بە ڕووی ژیانا هەڵمکاتەوە
دەستی لەرزۆکی تەمەنم
بگرێ و
بە نووری عەشقت
جوانم کاتەوە

١٩٩٦/١/٩

# تێکەڵبوون

کە لەشمان تێکەڵ یەک ئەبێ، لەزەت ئەبێتە باران و وا هەست
ئەکەم: خاک بۆنی ئەڤینی لێ دێ، ئاگر بەدەم ژیانەوە
پێئەکەنێ و با ئەبێتەوە بە منداڵ،
ئاویش ئەگری.

١٩٩٥/٤/١٢

# تەنیایی

لەنێو چاومدا: ڕووناکاییت.
لە ناخمدا: تاڵی و شیرینیی ژیان و
لەنێو دەستما: باڵندەیەک،
لە خوێنی خۆی
ئەخواتەوە.

کە دیار نابی،
سەر بۆ ئاسمان هەڵئەبڕم و
لە خواکان ئەپاڕێمەوە:
لەسەر بەردێکی ڕەش،
لەنێو زەنوێرێ
بیڕوێنن
تا سیمام ڕۆشنکاتەوە.

کە دیار ئەبی،
سەر ئەدەمە بەر قەڵبەزەی خەونەکانم و
گوێ بۆ ئاوازی بێهاوتای ناخم ئەگرم
لە خواکان ئەپاڕێمەوە:
لەسەر باڵی فریشتەیەک
لە نمەی ڕێژنەبارانێک
بینەخشێنن

تا لەم ژینەم
دوورخاتەوە.

لەنێو چاوتا: تاریکاییم.
لە ناختدا: تاڵی و شیرینیی ژیان و
لەنێو دەستە ڕەشەکانتا: باڵندەیەک،
لە خوێنەکەت ئەخواتەوە.

١٩٩٦/٢/١٢

# لەخۆگەڕان

کەسێ بە باڵای خەمم ئەگرێت و
کەسێ لەبەر گەڵاڕێزانی پێکەنینا
جێیەک بۆ ڕۆحی تاساوم ئەکاتەوە
کەسێ ئەمباتەوە بۆ ساتەکانی پێش لەدایکبوون و
دەستم ئەنێتە نێو دەستی فریشتەکانی مەرگەوە.
لە دییاری پاکی خۆشەویستیم دائەبڕێت و
بە دەرباری نائاشنایانی دوێنێ و سبەینێم ئەسپێرێ.
کەسێ دەرگایەکی دڵی خۆی بە ڕووی خەونە لێڵەکانما
ئەکاتەوە و بە بەزەیی و سۆزەی گریان،
ماتەمینیم دائەپۆشێ.
لە ساتە مەستەکانی تەنیایی و خۆبینیندا،
کەسێ ڕووبەڕووی تەوژمی ژین و
گێژەڵووکەی تێکەڵبوونم ئەکاتەوە.
کەسێ ئەبێتە بەردەبازی ڕێم و
بەرەو کەنارەکانی بێدەنگی و
نێو خێوەتی تەنیابوونم ئەباتەوە.
منیش لەم تاریکستانی نەبوون و هەبوونەدا،
لەدوای *ناکەسێ* ئەگەڕێم،
بەر پێیەکانم ڕۆشنکا و

تاڵێ لە نووری جوانیی خۆی لەسەر چاوانم جێ بێڵێ.
کەسێ بە باڵای ڕقم ئەگرێت و
کەسێ بە باڵای بڵندی خۆشەویستی.

١٩٩٦/٧/٢٥

## !!!!!

باڵندەیەک لەسەر سەری داوەڵێک هەڵنیشتووە،
ئاوازی شادی ئەچڕێت و ترس ئەنوێنێ.

١٩٩٥/٤/٤

# شەو

کۆڤانی دڵ، یا سەودای فیراقی دۆستانە ئەمشەو،
کە ڕێم پێ نادا، لە سای تریفەی مانگی سیماتا،
سەرم بە ڕێژنەی باران بچوێنم.
بکەم دواسەمای مەستانە ئەمشەو.

١٩٩٦/٣/١٨

# گوڵستان

کە بارانی هەر جوانییەک لە ڕووم ئەدا،
گوڵی عەشقت لەنێو چاوما ئەکرێتەوە و
ناخم ئەبێ بە گوڵستان.
ڕۆحیش بە شنەی بەربەیان.

١٩٩٦/٥/٧

# ڕۆژەکان

بەرچاوم ڕەش ئەکا، دووریت.
نزیکیشت، لێم ناگەڕێ، چاوم بە ڕووی تەنیاییا بکەمەوە و
باڵندەی خەم لە ناخمدا هەڵفڕێنم.
ڕۆژەکانیش تارای زەردی نیگەرانین،
بەسەر تەرمی خەونەکانماندا دراون.

١٩٩٦/٧/١١

# خەون

کە بە کێڵگەکەدا تێپەڕین، جووتێ پۆستاڵ، چنگێ خۆڵێ تێکشکان و چەند پارچەیەکی سنوورمان لەژێر پێستی "*جەنگاوەرێک*" دا دۆزییەوە.
کە کێڵگەکەمان بە جێ هێشت، هیچ جێپێیەکمان دیار نەبوو، پەپوولەی چەند ماچێک نەبێ، بەسەر گوڵەگەنمەکاندا هەڵئەفڕین.

١٩٩٣/٤/٤

# مردن

شەو دێیت. بە دەستە نەرمەکانت پیلّووەکانم ئەکەیتەوە و دوا تیشکی ڕووناکیی ژیان لە چاوەکانم دەردێنی.

ڕۆژ دێیت. سێبەری بەردێک لە پشت سەرمە دائەنێیت و لە چاوترووکانێکا، لە پێش چاوانم ون ئەبی.

دلّم ئەکەی بە تاریکستانی ونبوون.

شەو و ڕۆژ، وەک داوی ژیان، لە پێیەکانم ئالّاوی.

١٩٩٦/١١/١١

# گوڵە شینەکان

# تۆ چرایەکی ئازاری، لە شەوانی تەنیاییمدا دائەگیرسێی

تۆ لێرەش لە خوێنما ئەژیت، لەرینەوەی قژی خاوت، بۆتە جوولەی ئەو ڕەشەبا ترسناکەی، لەگەڵ دەرکەوتنی خۆرا، ئەگەڕێتەوە دەروونم. تۆ بە تەنیاییت و شەپۆلەکانی ئازاریش، لە دوورەوە، باوەشت بۆ ئەکەنەوە. ئەم شەپۆلی ئازارانە، شەوانە ئەبن بە پۆلەکۆتری سپی و هەواڵی تۆ،
ئەدەن بە دەروونی سرم.
ئەوا بی تۆ، دڵم بۆتە هێلانەیەک، هەرچی کۆتری سپییە،
تیایا بوونەتە شەپۆل و بۆنی قژە خاوەکەتم بۆ ئەهێنن.
ئەوا بێ تۆ، دەستم خستۆتە سەر دڵم، نەبا شەپۆلێکی تووڕە هەڵیگرێ و لە کەناری نامۆییدا، بە جێی بێڵێ. ئەوا بێ تۆ، سەرم ناوەتە سەر ئەژنۆم، *ئەڵێی بزماری ئازاری پێوە بەندە،* نەبا وڕەی ڕەشەبایەک لە ئەژنۆمی جیاکاتەوە. ئەوا بێ تۆ، لە بیابانی ئەم شەوە تاریکانەدا، دێم و ئەچم. گوێ ئەگرم لە مۆسیقای هاژەی تاڤگەکانی وڵاتەکەم، ئەگەڕێمەوە بناری ئەو کێوانە، ئەگەڕێمەوە زێدەکەم.
ئێستاش بە تەنیا لە چۆڵی بیابانا تۆم لە لایت و
بۆنی نێرگسی کوێستانم بۆ ئەهێنی.
تۆ ئەی پەریی نێرگس و فریشتەی گوڵاڵەسوورە، کە بێتۆیی تەنگ بە دەروونم هەڵئەچنێ، دنیا ئەبێتە گۆمێکی یەکجار

قووڵ، هەتا زیاتر بەناو دەروونیا ڕۆ بچم، جوانیی تۆ و هاژەی وڵاتە دوورەکەمی تیا ئەبینم. کە بێتۆیی، تەنگ بە دەروونم هەڵئەچنێ، ئەم خەڵکە ئەبنە گوڵاڵە و لەسەر سەرم چرۆ ئەکەن، چونکە ئێستا لە کاروانێکی مەزندا، سەما بۆ تیشکی خۆر ئەکەی، چونکە ئێستا لە ئازاری ئەم خەڵکەدا ئەتوێیتەوە و
گینگڵ ئەدەی.
ئەتبینم: بوویتەتە فریشتەی ئازار و بەیانیان بەرەو کانیی دێیەکەمان شۆڕ ئەبیەوە. ئازارەکانی دێیەکەمان، ئەدەیتە دەم خوڕەی ئاوی ئەو کانییە و ئێوارانیش، وەک فریشتەی ژیان بیت و گۆزەی خێرت لەسەر شان بێ، بۆ دێیەکەمان دێیتەوە.
تۆ لێرەش لە گیانما ئەژیت، لەرینەوەی قژی خاوت، بۆتە جووڵەی ئەو ڕەشەبا ترسناکەی لەگەڵ دەرکەوتنی خۆرا ئەگەڕێتەوە دەروونم. پەنجەکانت بوونەتە چرای ئازاری ڕێی سەربەستی و هیوای ژینم. تۆ لێرەش وەک نەرمەبارانی پاییزانی زێدەکەمی، بەسەر گیانمدا ئەبارێی.
لێرەش ژانی وڵاتەکەمم بۆ ئەهێنی، ئازارەکانم لەگەڵدا دابەش ئەکەیت، بە دەروونما ڕۆ ئەچیت و بۆ تەنیایی ئەمسووتێنی.
تا ئەو کاتەی وەک چرایەک ئەبمە پەنجەت، تا ئەو کاتەی وەکو پەنجە نەرمەکانت ئەبمە چرا و کڵپەی گڕێکی ڕووناکم تیا ئەبینی.

١٩٧٨/١٠/٦

# ڕوونکردنەوەی شەو

چی جوانترە لە زەردەخەنەی سەر لێوت!
چی جوانترە لە پەخشانی زوڵفی ئاڵۆز و پەشێوت!
چی جوانترە لە بریسکی چاوی کاڵ و لە هەتاوی قژی زەردت!
چی جوانترە لەو خونچەیەی لەناو دڵتا، دەمی بۆ ماچی
لێوی خۆر کردۆتەوە! چ بایەکە لە شەوێکی وەها ساردا،
دێت و باڵا ئاڵتوونییەکەت، ڕائەژەنێ! چ خۆرێکە لەناو گیانتا
هەڵهاتووە و وا خەریکە سەریشت دائەگیرسێنێ!
گەر هەناسەی کپکراوی خەڵک نەبێت.
تۆ ئەزانی، جوانترین شت لە هەناسەی ئاگراویی خەڵکدایە!
تۆ ئەزانی، جوانی کە ئەگاتە لوتکەش، لە سنگی خەڵک تێپەڕ
نابێ و دەست لە هەناسە بەرنادا!
ئەوە نییە، هەناسەی گیانی ئەم خەڵکە، هەموو شەوێ
قردێلەی ماچێکی زیندوو، ئەکا بەناو قژی شەودا!
ئەی تۆ کۆرپەی کام هەناسە و کام ئازاری!؟
تۆ بە هەناسەی دەروونێکی بەرفراوان سەوز بوویت و
سەوز ئەبی، بۆیە ڕەگت لەناو جەرگی ئەم خاکەدا داکوتاوە:
“*خاکی دڵم*”.
تۆ پەڕەی ژاکاوی دڵە بێئارام و ژانگرتووەکەی سنگی منی.
تۆ لە ئاوینەی گەردووندا جوان ئەنوێنی و لە دڵی منیشا سەوزیت.

بۆیە ئەتوانم لەبەر ئاسمانی جوانیتا و
لە کلّپەی تەنیا ماچێکتا بسووتێم و
هەتا مردن، دەست لە ڕەوتی دلّم بەردەم.
دە پێم بلّێ: ئەوەی بەم ڕێگایەدا بڕوا،
ئەوەی بەم هەناسەیەدا بڕوا،
بلّێی دلّی گەورە بێت و باڵ لە ئاسمانی جوانییا بکاتەوە!
بلّێی مرۆڤێکی مردوو، بە بای هەناسەیەکی خەلّکی و
بە بارانی خۆشەویستی بژێتەوە!
ئەی بۆ لەوەتی شەو هەیە، بەناو زەریای ئەم هەناسە
کپکراوەدا ئەڕوات و هەر تاریکە! ئەی بۆ لەوەتی شەو هەیە،
لەبەر بارانی ئەم خۆشەویستییە ئەبەدییەدا ڕێ ئەکات و
هەر بێدەنگە! بۆ سنگی خۆی هەلّنادڕێ!
ئەوەی ئەلّێ کە جوانیی شەو، لە سنووری باڵە
ڕەشداگەڕاوەکانی تێپەڕ نابێ،
با پەڕەی دلّە زیندووەکان هەلّداتەوە و
تیر ماچی شەوی ڕووت بکات.

١٩٧٩/٧/١٣

## !!!!!

گەر لە دەستی تۆ دابڕێم،
خۆر لە ئاسمان ئەبێتەوە.
هەتاویش خۆر بە جێ دێڵێ و
ئەبێتە بەفرەباران و بە تینی
گەرمیی دڵی تۆ ئەتوێتەوە.

دڵی تۆ لە تینی هەتاو گەرمترە.

تۆ ئەو ئاسمانە بەرینەی،
شەو لە دەستتا ئەتوێتەوە.
تۆ ئەو خۆرە بێهاوتایەی،
هەتاو لە گیانتا نووستووە.

چۆن تا ئێستا سەرم نەبۆتە دەستی تۆ!
چۆن تا ئێستا دەستت نەبۆتە سەری من!

بڵێی دیوارێکی تر مابێ،
لەنێوانی سەری من و نمەی
بارانە مەزنەکەی دەستی تۆدا!؟

یا دەست هەر دەستە و
سەریش دنیایەکی ڕەشی پڕ لە خورپە و
لێناگەڕێن، بەم شەکەتی و ماندوویێتییەش،
بێ و لە سایەی دنیای پاک و سپیی
دەستتا ئۆقرە بگرێ.

١٩٨٠/٣/٤

# له تووڕەبوونت ئەترسن

قژی خۆرت دائەهێنا و
چاوت بڕیبووە دنیایەک: فراوانتر
لە ئاسمان و ڕووناکتر لە تیشکی هەتاو.

بۆیە زمانیان بڕیت و
دەستەکانیان تێکشکاندی
تا نەتوانی باسی تیشکی زیوینی خۆر
بۆ شەو بکەیت.
شەو لە دڵتا بخەوێنی و
قژی پەریی شەو سپیکەیت.

تا نەتوانی دەست بۆ ئاسمان هەڵبڕیت و
باران لە دەستتا بکەیتە ڕووباری گڕ.

بەڵام سەرت پڕە لە ڕووباری ئازار،
دەروونیشت: تووڕەبوونێکی مەزنە و
لە تووڕەبوونت ئەترسن.

تۆ بە تەنیا تووڕە نابی، بەڵام تەنیایت

که زمانت ئەبڕن و دەستەکانت
تێک ئەشکێنن.
بە گڵکۆی خوێنت ئەچوێنن.

١٩٨٠/٢/٢٣


Khabat Aref
Geṟanewey Estêrekan
Bokförlaget Aura